سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی بالای دادوەری تاوتووێی میکانیزمەکانی نەوان سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی دادوەری کرد



ئەمڕۆ دووشەممە، عەبدولەتیف جەمال رەشید سەرۆك کۆمارلەگەڵ فائیق زێدان سەرۆکی ئەنجوومەنی بالای دادوەری میکانیزمەکانی نێوان سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی بالای دادوەری لەئامادەکردنی پرۆژە یاسایە نوێیەکان و هەمواکردنەوەی یاساکانی پێویست بەهەمواکردنەوە تاوتوێی کرد.

ئەنجوومەنی بالای دادوەری لەراگەیەندراوێکدا راگەیاند" فائیق زێدان سەرۆکی ئەنجوومەنی بالای دادوەری پێشوازی لەعەبدولەتیف جەمال رەشید سەرۆك کۆمار کرد و پێکەوە تاوتوێی میکانیزمەکانی نێوان سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی دادوەری لەئامادەکردنی پرۆژە یاسایە نوێیەکان و هەمواکردنەوەی یاساکانی پێویست بەهەمواکردنەوە تاوتوێی کرد.

هەروەها وتی" ئەم دیدارە بەئامادەبوونی دادوەران و جێگرانی سەرۆکی دادگای تەمیز و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دەستەی سەپەرشتی دادوەری و راوێژکاری پشکەوتووی سەرۆك کۆمار بوو.